# لە نانی رووتەوە
# بۆ سەردەمی هەڵەکان

**لویس گارسیا کاستنیۆ**

**لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد**





قسەکردن دەربارەی ئەدەبی هاوچەرخی عەرەبی‌و بەتایبەتیش هونەری رۆمان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو پێگە تایبەتەی نوسەری مەغریبی محەمەد شوکری هەیەتی، کاری نەکردەیە. ئەو یەکێکە لەو نوسەرە دەگمەنانەی عەرەب کە لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە، لەلایەن خوێنەرانی ئیسپانیاوە واتە ئەو خەڵکانەی سەر بەزمانی ئەسڵی خوێن، پێشوازیەکی گەرمی لێکرا.

سەروەختێك رۆمانی نانی ڕووت لەزۆربەی زۆری وڵاتانی عەرەبیدا یاساغ بوو، وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئیسپانی و خوێنەرانیش بەهۆی ستایلە تایبەتەکەی شوکرییەوە توشی شۆك بوون. ستایلێك کە خۆی لەهەموو دەمامکێکی ستاتیکی یان مۆراڵی داماڵی بوو. ئەو دەمامکەی هەمیشە نوسەر لەترسدا بێت یان لەشەرمان، پەنای بۆ دەبات‌و خۆی لەپشتیەوە دەشارێتەوە.

محەمەد شوکری، شەرم لەباسکردنی ئەو شتانە ناکات کە لەقۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا وەك منداڵ و مێردمنداڵ و گەنجێك، مرۆڤ بوونی ئەویان لەکەدار کردووە. ئەو نەنگی و بێئابڕوییانە، بەرەنجامی خەمساردی حکومەت و دامەزراوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانەو شوکرییش باسکردنیان بەگرنگ دەزانێت، بۆئەوەی نیشانی بدات کە چ مەرگەساتێکی لێدەکەوێتەوە.

نانی ڕووت کە یەکەم رۆمانیەتی خوێنەرانی سەرسام کرد، لەبەرئەوەی نوسەرەکەی لەپشتی درۆ و دەمامکەوە خۆی مەڵاس نەدابوو... نەخێر ئەو وەك نوسەرێکی داهێنەر و بەستایلێکی رون و رەوان، باسی لەژیانی خۆی و خانەوادەکەی و هاوڵاتیانی وڵاتەکەی، لەباکوری مەغریب و جەزائیر کردووە.

محەمەد شوکری لە تەتوان و تەنجە و سەبتە و مولەیلە و عەرایش و وەجدە و وەهران لەجەزائیر ژیاوە، یان راستر ئەوەیە بڵێین لەو شارانە ئاوارە و دەربەدەر بووە. لەکۆتایی شەستەکاندا رۆمانی نانی ڕووت دەنوسێت و سەردەمی هەڵەکان کە بەدووەم بەشی ئەو رۆمانە دادەنرێت و سەربوردەی حاڵ و گوزەرانی خۆیەتی، لەکۆتایی هەشتاکاندا نوسیویەتی، بەڵام ئەمەیان وەك نانی ڕووت سانسۆر ناکرێت و رێ بەبڵاوکردنەوەی دەدرێت.

رەنگە هۆکارەکەشی بۆئەوە بگەڕێتەوە کە وەك نانی ڕووت، بەچەقاوەسوانەو بێ ئابڕوانە نەنوسرا بوو. یان رەنگە لەبەرئەوە بووبێت محەمەد شوکری بوو بووە ناوێکی ناسراو، لەناوەندە ئەدەبیەکانی وڵاتانی عەرەبی و جیهانیداو پێش دەچێت، سانسۆر لەمەغریب بەو توندوتۆڵیەی جاران نەما بێت‌و زۆر دەربایسی نوسینی ئەو توێژە وێڵگەردەی کۆمەڵگە نەبووبن، مادامەکی نوسینەکانیان هیچ هێرشێکی راستەوخۆی بۆ سەر دامەزراوە فەرمییەکان تێدا نەبێت.

سەردەمی هەڵەکان بایۆگرافیایەکەو رابردوو بەیاد دێنێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش پشت بەحیکایەتخوان (نوسەر) دەبەستێت کە چۆن کاتێك لەتەمەنی بیست ساڵیدا دەبێت، بڕیار دەدات فێری نوسین و خوێندنەوە بێت. ئەو کەسەش بۆبە ئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆسەیە، جگە لەئیرادەیەکی بەهێز هیچی تر شك نابات، بۆئەوەی لەو تەوقی هەژاری و نەبونیە قوتاری بێت کە لەسایەیدا ژیانی گوزەراندووە.

لەو رۆمانەیدا شوکری زۆر لەسەرخۆ، بەرەو قۆناغی گەنجێتی دەمانبات و پاشان دەگەڕێتەوە لای سەردەمی مێردمنداڵی‌و دواتر جارێکی دی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەنجێتی. لەو نێوەندەشدا وردەکاری زۆر تفت و تاڵ دەربارەی ژیانی خۆی بە هەژاری و بێ نەوایی و پیسی و پۆخڵی و جڕ و جانەوەر و ئازار و نەخۆشی کە

لەژینگەکەی ئەودا نەخۆشی سیل سوکترین نەخۆشی بووە، یان پەتای بازەڵەو هەروەها شێتیو ئەو نەخۆشیانەی ئەندامی زاوزێی دووچاری هاتووە، باس دەکات. چونکە شوکری بەردەوام باس لەپەیوەندیەکانی خۆی بەو سۆزانیانەوە دەکات کە وەك پیشەیەك ئەو کارە دەکەن، بەڵام بەبێ بونی هیچ چاودێریەکی پزیشکی.

ئەو سۆزانیانە وەك ئەو پیاوانەی هامشۆ و رۆتیان دەکەن و دەچنە لایان، ژیانێکی پۆخڵ و پڕ نەهامەتی دەگوزەرێنن.. ئەوان جەستەی خۆیان بەرامبەر پارەیەکی کەم دەفرۆشن بەو کەسانەی، زۆر پارەدارو دەست رۆیشتوو نین. محەمەد شوکری باسی سەردەمی منداڵی و رق بوونەوەی لەباوکی دەکات. ئەو باوکەی زەبرو زۆر و توندوتیژیەکی کەم وێنە، دژی شوکری و منداڵەکانی دیکەی و هاوسەرەکەی بەگەڕ دەخات.

لە نانی رووتدا باس لەوە دەکات کە چۆن بەردەوام باوکی، بەسەرخۆشیو دوای ئەوەی هەرچی پەیدا کردووە لەقوماردا دۆڕاندویەتی، گەڕاوەتەوە ماڵەوە. ئەو باوکە یەك بینە دەخواتەوەو سەروەختێکیش سەرخۆش دەبێت، بەدەنگی بەرز دەکەوێتە جنێودان... بەدەنگە دەنگی ئەو ژنەکەی بەخەبەردێت و بێدەنگ دەبێت و ناتوانێت وەڵامی بداتەوە، لەترسی ئەوەی نەبادا لێی بدات و بکەوێتە گیانی و شوێنەواری ئەو لێدانەش بەجەستەو دەم و چاویەوە دیار بێت.

ئەو رقەی باوك لەکوڕی خۆی، لێرەدا بەنەفرەتە یۆنانیە ئەزەلیەکە دەچێت. باوکی شوکری تەنها لەقۆناغی منداڵیدا رقی لێی نابێت، بەڵکو تەنانەت تا ئەوکاتەشی ماڵ جێدێڵێت و دەبێتە پیاوێکی خوێندەوار و لەخوێندنگەیەکی میریشدا دەبێتە مامۆستا، بەردەوادەبێت و هەرچی جارێك لێرەو لەوێ لەمەیخانەکان بێت یان لەجادە و بان، لەگەڵ هاوڕێ و دۆستەکانیدا بیبینێت، دەکەوێتە گاڵتەپێکردن و شکاندنی... لەبەردەم ئەو هاوڕێ و ناسیاوانەیدا دەڵێت: (ئەوە کوڕێکی هیچ لەبارانەبووەو نەتوانای هیچی هەیەو نە لەهیچیش دەزانێت. وەك ئەوەی نەیەوێت دان بەوەدا بنێت کە کوڕەکەی، دڕی بەو نەهامەتیانە داوەو گوێ لەمستی ئەو نەماوە.

بەپێچەوانەی هەست و ویستی باوکیەوە، دایکی شانازی پێوە دەکات و سۆز و خۆشەویستیەکی تایبەتی بۆی دەبێت. رەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بوبێت، شوکری تەنها منداڵی بووە کە رۆژانی جەور و جەفای لەگەڵدا بەشکردووەو بەزمانی دەشتەکیانەی خۆشی دواندویەتی، نەك بەشێوە زاری مەراکیشی. شێوە زارێك کە تێینەدەگەیشت و منداڵەکانی دیکەی هەموویان، قسەیان پێدەکردو دایکیان بەنەفام و بێمێشك دەزانی.

محەمەد شوکری باس لەوە دەکات کە هەرگیز نەیزانیووە ژمارەی خوشك و براکانی یان ئەو منداڵانەی دایکی بینیونی چەند بوون، چونکە هەیانبووە پێش لەدایك بوون یان راستەوخۆ دوای هاتنە دنیای گیانی لەدەست داوە.. سەروەختێکیش ماڵەوەیانی جێهێشتووە، نەیزانیووە چەند خوشك و برای هەیە. تەنانەت دایکیشی کە لەساڵی 1984 کۆچی دوای دەکات، نەیزانیووە ژمارەی ئەو منداڵانە چەندن کە بینیونی.

محەمەد شوکری گەورە دەبێت بەبێ ئەوەی خوێندنەوە یاخود نوسین بزانێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستی بەسەر دوو زماندا دەشکێت: عەرەبی جلفە و ئیسپانی. زمانی ئیسپانیش لەشەقام و مەیخانەکانی سەبتە و تەنجەدا فێر دەبێت، چونکە لەو شوێنانەدا رۆژانە چاوی

**محەمەد شوکری ئەگەرچی ژیانێکی سەخت و دژوار ژیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستی مرۆیی و هاوسۆزی لەگەڵ ئەو هۆردووە لەکەسانی وێڵگەردو دزو سەر گەردانەدا لەدەست نەدا، وەك چۆن هاوسۆز و پەرۆشی کیژۆڵەیەکی وەك حەبیبە دەبێت**

بەدەیان ئیسپانی دەکەوێت، ئەو ئیسپانیانەی دوای سەرکەوتنی سوپاکەی فرانکۆ بەسەر سوپای کۆماریدا، لە وڵات هەڵاتبون.

ئەڵبەتە لەو دوو شارەدا جگە لەوە، شت گەلێکی دیکەش هەبوون کە خەسڵەت و تایبەتمەندی ئیسپانیانەیان هەبوو، وەك رێستۆرانت و نایت کلەپ و کافێکان (سەنتراڵ کافێ دی لابلاتا کافێ). لەو شوێنانەدا شوکری لاو، گوێی لەمیوزیکی ئیسپانیو میوزیکی ئەمریکای لاتینو میوزیك زانە گەورەکانی ئەو سەردەمەی وەك (لۆچۆ جاتیکا و نات کین کۆڵ و ئەنتۆنیۆ ماچین) دەگرت...

بەکورتیەکەی شوکری زمانی ئیسپانی لەو شەقامانەدا فێربوو کە جمەیان دەهات لەو وێڵگەرد و هەڵاتووە ئیسپانیانەی لەترسی تۆڵەی فرانکۆ رایانکردبوو، تەنها لەبەرئەوەی لەو ناوچانەدا دەژیان کە لەبندەستی کۆماری خوازەکاندا بوون.

لەرێی ئەو پۆستەرانەی بەدیواری قاوەخانەکاندا هەڵدەواسرێن، شوکری عەشقی زۆرانبازی گا دەبێت و زۆرێك لەپاڵەوانەکانی ئەو هونەرە دەناسێت. ئەوەتا لەوبارەیەوە باس لە (چیکۆیلۆ و برایانی برالتا و گایۆ) دەکات. هەموو ئەوانەش لای ئێمەی ئیسپانی ناسراون و وەك زۆرانبازی بەناوبانگ ناویان هەبووە و دواترو لەکاتی ئاوارەبوونی ئەو خەڵکەدا، وێنەکانیان لەرێی ئەوانەوە گەیشتبوو بەمەراکیشیەکان.

ئەو کۆچ و خۆقوتارکردنە، کۆچێکی کۆمان بیردێنێتەوە کە لەسەدەکانی ناوەراستدا رویداوە. ئەوکاتەی عەرەبەکان لەئیسپانیا وەدەرنران و بۆ قوتاربوون لەدەست تۆڵەی پادشای ئیسپانیای کاتۆلیکیش، رویانکردە باکوری ئەفریقیا. بەڵام لەم ئاوارەبوونەی دوایدا ئەوانەی رایانکرد نە عەرەب بوون و نە جولەکە، بەڵکو خەڵکانێکی ئیسپانی بوون...

فرانکۆ وەك فەرمانرەوایەکی نوێ، خۆی وەك فریادرەسێك نیشان دەداو بەقسەی خۆی دەیویست، وڵات لە کۆمۆنیست و ماسۆنی و بێباوەرەکان، پاك بکاتەوە... ئەڵبەتە هەرکەسێك بۆچونی جیاوازی هەبوایەو وەك ئەو بیری نەکردایەتەوە، یەکێك لەو ناوانەی بەسەردا دەبرا.

دەبینین شوکری لەژیاننامەکەیدا، حەزی لەشەرابی (خێریتی سپی) بووە، ئەوەش جۆرە شەرابێکە خەڵکی باشوری ئیسپانیا حەزیان پێیەتی. هەروەها دەبینین وەسفی ژنانی گەنم رەنگ دەکات، ئەوانەی چاورەشن. سەبارەت بەحەزیشی بۆ خوێندنەوە، تا ئەو رادەیە بووە کە پەلاماری هەموو جۆرە کتێبێکی داوە: (عەرەبی و ئیسپانی و دەقی تەرجەمەکراوی ئەوروپیش، رافائیل ئەلبرتی و ماچادرۆ و ڤیسنتە



تەوەر



ئەلكسندرا و جوبران و شەوقی و مەنفەلوتی)، دەخوێنێتەوە.

شوکری باس لەیەکەمین دیداری لەگەڵ محەمەد سەباغی نوسەری مەراکیشیدا دەکات کە چۆن هانی داوە، لەسەر نوسین و خوێندنەوە بەردەوام بێت. تا رۆژێك دێت شوکری یەکێك لەکورتە چیرۆکەکانی خۆی دەبینێت کە لەرۆژنامەی العلمدا بڵاوبۆتەوە، ئیتر لەو رۆژە بەدواوە هەوڵدەدات ئۆغر و سەنگین دەرکەوێت و هامشۆ و رۆتی ئەو جێگەیانە نەکات کە بەدناو و شوێن گومانن.

محەمەد شوکری ئەگەرچی ژیانێکی سەخت و دژوار ژیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستی مرۆیی و هاوسۆزی لەگەڵ ئەو هۆردووە لەکەسانی وێڵگەردو دزو سەر گەردانداا لەدەست نەدا، وەك چۆن هاوسۆز و پەرۆشی کیژۆڵەیەکی وەك حەبیبە دەبێت. حەبیبە کچی بازرگانێکی دەوڵەمەند دەبێتو لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا باوکی بەزۆر دەیەوێت بیدات بەشوو ئەویش بەپیاوێکی پیر، بەڵام هەرزو و بەبیانوی ئەوەی سك ناکات، مێردەکەی تەڵاقی دەدات.

پاشان شووی دووەمی بەگەنجێکی هاوتەمەنی خۆی دەبێت و لەمەیان چوار منداڵی دەبێت، ئەمیشیان خراپ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و سەرەنجام لێك جیادەبنەوە. ئەمەش وا دەکات ئەقڵی لەدەست بدات و کەسوکاری داخڵی شێتخانەی دەکەن... شوکری سەردانی دەکات و دەبینێت هیچ چارەسەرێکی نادەنێ، جگە لەهەندێ کەپسول نەبێت تا هێوری بکاتەوەو خەوی لێبخات...

وەك ئەوەی لەو رۆژانەدا ئەوەی بینیبێت کە لەداهاتوودا بەسەر خۆیدات دێت، چونکە دواترو لەسەردەمێکی تردا خۆشی لە تەتوان، داخڵی بەشی نەخۆشی دەرونی دەکرێت. شایەنی باسە ئەو کچە دوای ئەوەی نەخۆشخانە جی دێڵێت، شوی سێیەمی دەکاتەوە، بەڵام کاتێك سکی شەش مانگ دەبێت بەنەخۆشی تاعون دەمرێت.

شوکری بەردەوام دەگەڕێتەوە لای سەردەمی منداڵی و لەوێدا

چرکەساتێکی تراژیدی هەڵدەگرێتەوە کە هەرگیز بیری ناچێتەوە، ئەویش چرکەساتی مەرگی عەبدولقادری برا بچوکیەتی بەدەستی باوکی. عەبدولقادر نەخۆش بوو، لەبەرئەوە بەدرێژایی شەو دەگریا. باوکیشی کە بەسەرخۆشی لەمەیخانە گەڕابووەوە، تەحەمولی ئەو شین و فوغانەی نابێت. بۆیە ئامبازی ئەو منداڵە دەبێت و بەدەستی خۆی ملی ئەشکێنێ.

هەروەها بیری ئەوەی دێت  چۆن جارێکیان باوکی، لەوپەڕی تورەیی و توندوتیژیدا بەقازانێك لەژنەکەی (دایکی محەمەد شوکری) دەدات، ئەو قازانەش شەکراوی کوڵاوی تێدابووە کە شیرینی پێ دروست کردووە تا شوکری لەبازاڕ بیفرۆشێت.

ئەو باوکە سەربازی لەشکرەکەی ژەنەراڵ فرانکۆ بووە، سەرەوەختێکیش گەڕاوەتەوە بۆ مەغریب، لەگەڵ ئەو هاوڕێ بەکرێ گیراوانەیدا کە لەجەنگی ناوخۆی ئیسپانیادا بەشداربوو بوون، سەریان ناوە بەسەری یەکەوە و دەستیان بەگێڕانەوەی ئازایەتی و شکۆمەندی و قارەمانێتی خۆیان کردووە لەو جەنگەدا. ئەگەرچی زۆربەیان ئەو قارەمانێتیەیان تەنها لەگەڵ کەسانی بێدەسەلاتی وەك شوکری و دایکی و خوشك و براکانیدا، تاقی دەکردەوە.

لەرۆمانی سەردەمی هەڵەکان و لەژێر سەردێڕی رۆساریۆدا، شوکری باس لە فرانکۆ و هەڵسوکەوتە توندوتیژەکانی دەکات، نەك تەنها لەگەڵ ئەوانەی بەدوژمنی خۆیی دەزانین، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەشدا کە دۆست و هاوڕێیبوون.

ئەڵبەتە شوکری لەڕوانگەی خاتوو رۆساریۆ و فرهین بریتۆوە، باس لەدیکتاتۆرەکەی ئیسپانیا دەکات. رۆساریۆ خەڵکی پارێزگاری ئەستۆریاسە لەباکوری ئیسپانیاو فرهین بریتۆش، لەهەمان پارێزگاکەی فرانکۆیەو بیری ئەو چرکەساتە دژوارانەی دێت کە دوای جەنگی ناوخۆیی، بەسەر ئیسپانیادا هاتووەو بۆتە مایەی ئەوەی وڵاتەکەیان گۆشەگیر بکرێت و وڵاتانی ئەوروپی، پەیوەندی خۆیانی لەگەڵدا ببڕن. شایەنی باسە فرهین بریتۆ، بەڕێزەوە باس لە بیرۆنی دیکتاتۆری ئەرژەنتینو تاکە هاوڕێی ژەنەراڵ فرانکۆ دەکاتو بەهەمان شێوەش، ستایشی سالازاری دیکتاتۆری پرتوگال دەکات. هاوکات شوکری هەر لە زمانی فرهین بریتۆوە، باس لە سەردانێکی بیرۆن دەکات بۆ ئیسپانیا. لەو سەردانە فەرمیەدا دیکتاتۆرەکەی ئەرژەنتین، هاوسەرە بەناوبانگەکەشی ئێڤا لەگەڵ خۆیدا دەبات.. ئەو خانمە ئیسپانیەکان و تەنانەت فرانکۆش کە بایەخی بەهیچ ئافرەتێك نەدەدا، سەرسام دەکاتو لەو رۆمانەشدا شوکری ئەو فەزا مێژووییەمان بەردەست دەخات.

هەر لەو بەرهەمەیدا (سەردەمی هەڵەکان)، شوکری باس لەبون بەئەندامی ئیسپانیا دەکات لەرێکخراوی ناتۆو ئەوەش لەساڵی 1955 دەبێت، دوای ئەوەی رێگە بەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەدرێت لەسەرتاسەری ئیسپانیادا، بنکەی سەربازی دابنێت. هەروەها باس لەو هەواڵە گرنگانەی ئەو سەردەمە دەکات کە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئیسپانیا، دەربارەی قارەمانێتیەکانی فرانکۆ لەراوکردنی ماسی و بەرازە کێویدا بڵاویان کردۆتەوە، لەگەڵ نیشاندانی وێنەکانی لەرۆژنامەکاندا. یەکێك لەو وێنانەش ئەوەیە، فرانکۆ راوەستاوەو بەرازێکی زەبەلاحیش لەژێر پێیدایەتی.

بەمجۆرە شوکری لەڕێی کارەکتەرێکی فاشیی وەك بریتۆوە، ئەو وێنەیەمان پێشکەش دەکات. بەڵام وێنەیەکی ئیسپانیاشمان بەرچاو دەخات کە وێنەی ئەو ئیسپانیانەیە، راوەدونراونو ئاوارەی وڵاتانی

شوكری تا ئەو تەمەنەش هەر عاشقی سێ شت دەبێت: (كتێب و ژن و شەراب)، بەڵام كتێبی بە دۆست و هاوڕێی گیانی بەگیانی خۆی زانیووە... وەك نوسینیش بەردەوام و لەهەر كوێیەك بێت نوسیویەتی

شـەڕەگادا، گیانیـان لەدەسـت داوە.

هەمـوو ئـەو كارەكتەرانـە تێكـەڵ بەژیانـی شـوكری دەبـن، وەك مامۆسـتایەك لەشاری تەتوان.. ئەڵبەتـە شـوێنی نیشـتەجێی بونـی لەئوتێل رۆیاڵـی ئـەو شارەدا دەبێـت و خاوەنەكەشـی، خانمێكـی ئیسـپانی دەبێـت بەنـاوی خۆسـۆفینا.

شـوكری لـە تەتوانـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ تەنجـە، ئـەو شـارەی منداڵـی و تەمەنـی گەنجێتـی تێـدا بەسـەربردووە لـەو گەڕانەوەشـیدا، بەراوردكاریەك لەنێـوان تەنجـەی كـۆن و تەنجـەی تـازەدا دەكات. بەسـەر پاشـماوەی كۆنـی شـارەكەیدا شـیوەن دەكات و دەبینێـت هیـچ یـەك لەماڵـی لـەش فرۆشـەكان نەمـاونو هەمـوو ئەوانەشـی دەیناسـین بزربـوون، بـەڵام یەكێـك لـەو وێڵگەردانـە دەبینێتـەوە كـە كاتـی خـۆی ئەڤینـداری بـووە لەیەكێـك لەنایـت كڵەپەكانـدا سـەما كار بـووە.

شـوكری چارەنوسـی ئـەو ژنـە وێڵگـەرد و بێچارانـە بـاس دەكات، كاتێـك جوانـی و گەنجێتیـان لەدەسـت دەدەن. ئەوانـە سـەروەختێ بەتەمەنـدا دەچـن، دان لەدەمیانـدا نامێنێـت و پرچیـان هەڵدەوەرێـت و وەكـی كارگـوزار خەریكـی تەوالێـت پاككردنـەوە دەبـن. ئەمـە لەكاتێكـدا دەرفـەت بـۆ ئەوانـە هەیـە كـە گەنـج و جوانـن، بچـن بـۆ ئەوروپا و سـەردانی ئـەو كیشـوەرە بكـەن.

لەلایەكـی دیكـەوە شـوكری ژیانـی گروپێكـی دیكـە لـەو كچە لەشفرۆشـانە نیشـان دەدات كـە مۆدێلێكـی تازەتـرن و لەجلوبـەرگ پۆشـین و هەڵسـوكەوتكردندا، زۆر كراوەتـرن و لـەڕوی مادیشـەوە گوزەرانیـان باشـترە. ئەمانـە هامشـۆ و رۆتـی ئـەو میوانخانـە و رێسـتۆرانتە گەورانـە دەكـەن كـە تـازە كرابونـەوە.

بەهـۆی ئەزمونـی خـۆی لەگـەڵ نەخۆشـخانە دەرونیەكانـدا، شـوكری دراوسـێ بـون.

هەروەهـا بـاس لـە پیكاسـۆ و تیرۆركردنـی لـۆركا و مێـگڵ ئێرناندتیـش دەكات كـە لەزینداندا گیـان لەدەسـت دەداتو قسـە لەسـەر چامـە بەناوبانگەكـەی (شـۆربای پیـاز)دەكات. لـەو قەسـیدەیەدا ئێرنانـدت بـاس لەبرسـیەتی منداڵەكـەی دەكات و ئامـۆژگاری هاوسـەرەكەی دەكات، شـۆربای پیـاز بداتـە جگەرگۆشـەكەیان.

كەواتـە شـوكری هـەر بەتەنهـا ئـاگاداری مێـژوی سیاسـی ئیسـپانیا نییـە، بەڵكـو شـارەزای مێـژوی كۆمەڵایەتـی ئـەو وڵاتەشـە. ئەوەتـا لەڕێـی كارەكتـەری ئیسـپانی دیكـەوە، بـاس لەمەرگـی خۆسـۆلیتۆ و مانۆلیتـی دەكات. ئەوانـەش دووان لەبەناوبانگتریـن زۆرانبـازی گان و لەمەیدانـی


محەممەد شوکری

باس لەوە دەكات لەو جێگایانەدا چ مەرگەساتێك هەیەو نیشانی دەدات، چۆن چۆنی پەرستیارەکانی ئەوێ بەبەرچاوی واق ورماوی نەخۆشەكانەوە، لەناو خۆیاندا بەشەڕ دێن. سەروەختێکیش دوای چوار مانگ مانەوە لەو شوێنەدا دێتە دەرێ و ژیانی دەست پێدەکاتەوە، دەبینێت هێدی هێدی ژیانی رابردوو کاڵ دەبێتەوەو لەپاشەکشەدایەو دەست بەرداری ئەوە دەبێت، ئێستاو قۆناغی نوێ جێگەی بگرێتەوە. لێرە بەدواوە ئێمە خۆمان لەبەردەم شوکری یەکی دیکەدا دەبینینەوە. پیاوێکی بەتەمەنی پەنجا ساڵان کە لە خۆشەویستی و سۆزداری تەوەلا بووەو پێیوایە خۆشەویستی و ئەڤینداری، سەرچاوەی هەموو ماڵوێرانی و بەدبەختیەکن لەژیانی مرۆڤدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر حەزی بەرەگەزی مێیە..

شوکری تا ئەو تەمەنەش هەر عاشقی سێ شت دەبێت: (کتێب و ژن و شەراب)، بەڵام کتێبی بە دۆست و هاوڕێی گیانی بەگیانی خۆی زانیوە... وەك نوسینیش بەردەوام و لەهەر کوێیەك بێت نوسیویەتی، لەمەیخانەکان و ڕێستۆرانت و قاوەخانەکان... لەسەر ئەو پارچە کاغەزانەشی لەبەردەستیدا دەبن، بەشێکی زۆری رستەو پەرەگرافی شیعر و نوسینەکانی بۆدلێر و رامبۆ و ئەو گەورە ئەدیبانەی دڵخوازیان بوو، دەنوسێتەوە.

دواین بەشی کتێبەکەی بەناوی مەرگی دایکەوەیەو لەوێدا شوکری، پەیوەندی پتەوی خۆی لەگەڵ رابردوودا کۆتایی پێدێنێتو دوای دە ساڵ جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ سەبتە، تا لەزەماوەندی خوشکەکەیدا ئامادە بێت، چونکە عادەت وابووە برا دەستی خوشکەکەی بگرێت و بیبات بۆ ماڵی هاوسەرەکەی.

رۆژێکیان بەیانی زوو، بەدەنگی لێدانێکی توندی دەرگاکەی بەخەبەر دێتو دەبینێت مێردی خوشکەکەیەتی. ئەو کەسە هەواڵی مردنی دایکی پێ رادەگەیەنێت، دوای ئەوەی بۆماوەی چەند هەفتەیەك توشی خوێن بەربونی بەردەوام دەبێت. دواتر شوکری دەزانێت دایکی زۆر پەرۆشی بینینی بووە، بەڵام ئەو نامانەی بۆی دەنێرێت، تەنها دوای لەدنیا دەرچونی دەگەنە دەستی.

ئەو ئێستا بەرێوەیە بەرەو سەبتە و رابردوی وەبیردێتەوە: بیریەتی چۆن دایکی گۆرانی بەدەویانەی بۆ دەچڕی، هاوکات گوێبیستی زاوەکەیانە باسی ئەو گۆڕستانەی بۆ دەکات کە لە سەبتە کرپویانە، بەوەش عەبدولقادری برای بیردێتەوە کە چۆن لە سەبتە بەژێرخاکەوە کراوەو لەشوێنێکدایە کەس ناچێتەوە سەری.

شوکری ئامادەی رێورەسمی ناشتنی تەرمی دایکی دەبێت و زۆر بەژان و ژاراوە دەیگێڕێتەوە کە چۆن گۆڕهەڵکەنەکان چەندین جار لاشەکەیان دەرهێناوەتەوە، لەبەرئەوەی قەبرەکەی تەسك و تەنگەڵان بووە... وەك ئەوەی خاکیش رازی نەبوبێت پێشوازی لەدایکی بکات،

وەك چـۆن ژیـان پێشـوازی لێنەكـرد.

دوای بەخـاك سـپاردنی، هەمـوان دەگەڕێنـەوە ماڵـەوەو لەسـەر مێـزی نانخواردنـكـە دادەنیشـنو هەڵپـەی خواردنیانـەو بەگـرژی و تورەییـەوە بـاس لەمیراتـی دەكـەن. لەسـەر فرۆشـتنی خانـوی خێزانەكەیـان بەشـەڕ دێـن، ئەگەرچـی دایكیـان دەیویسـت بەهـەر كلۆجێـك بـووە دەسـت بـەرداری نەبـن.

لەبەرامبـەر تەمـاح و چاوچنۆكـی خوشـك و براكانیـدا، بێـزار دەبێـتو شـەو لـە سـەبتەوە بـەرێ دەكەوێـت بـەرەو تەنجـە. بـۆ رۆژی دوایـی كـە لەخـەو هەڵدەسـتێت، ناتوانێـت بزانێـت چـۆن چۆنـی گەیشـتۆتەوە ماڵـەوە. بەخومـاری و سەرخۆشـی خـەوی لێدەكەوێـتو كاتێـك بەخەبـەر دێـت، دەبینێـت تاكـە پێڵاوێكـی پـڕ بـووە لەمیـزو ئـەوی دیكەشـیان لەشـەراب. دەتوانیـن بڵێیـن كتێبـی سـەردەمی هەڵـەكان وەك تێكـڕای كتێبەكانـی شـوكری، وێناكردنـی كاروانـی ژیـان و كاروانـی مردنـە.

ئـەو ئەگەرچـی ژیانێكـی سـەخت و دژوار ژیـا، بـەڵام هەمیشـە عاشـقی زیندەگـی و ژیـان دۆسـت بـوو. مردنیـش سـەرەڕای ئـەوەی شـتێكی حەتمیـەو رێـی پێناگیرێـت، بـەڵام گوێـی پێنـەدەداو بەلایـەوە گرنـگ نەبـوو. ئەشـقی ژیـان بەناخـی شـوكریدا رۆچووبـوو... ئـەو یەكێـك بـوو لەڕیـزی ئـەو هونەرمەنـد و نوسـەرانەی، هەمیشـە لەسـۆراخی جەوهـەری ژیانـدا بـوون، ئەگەرچـی ئـەو گـەڕان و سـۆراخكردنەش، بەرەو گۆشـەگیری و تەنانـەت شێتیشـی بردبـن.

سـتایلی نوسـینی محەمـەد شـوكری، رون و سـادەیە. شـێوازی كەسـێكە لەوشـەكان ناترسـێت و شـەرمیان لێنـاكات. هەسـت و سـۆزەكانی چۆنـن وەك خۆیـان و بێماكیاژكـردن گوزارشـتیان لێـدەكات... نوسـین لای ئـەو پرۆسـەیەكی ئۆرگانیـەو پێویسـتە مـرۆڤ لەنوسـیندا راسـتگۆبێت و تەعبیـر لەڕاسـتیەكان بـكات، هەرچەنـدە بـەو كارەی رەنگـە خـۆی و ئەوانـی دیكەیـش برینـدار بـكات.

ئەگەرچـی لەنێـوان نانـی روت و سـەردەمی هەڵەكانـدا، ماوەیەكـی زۆر هەیـە لانـی كـەم سـی سـاڵێك دەبێـت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا شـوكری هـەر بەهەمـان سـتایل دەنوسـێت، سـتایلێك كـە بوێـری داهێنـان و راسـتگۆی تێـدا بێـت.

جیـاوازی نێوانـی ئـەو دوو تێكسـتە ئەوەیـە، لـە نانـی روتـدا شـوكری تەنهـا بـاس لـە سـەردەمی منداڵـی خـۆی دەكات، لەكاتێكـدا لـە سـەردەمی هەڵەكانـدا قۆناغـی گەنجێتـی پانتایەكـی گەورەتـری داگیـر كـردووە... لـەو قۆناغـەدا مامۆسـتا بـووەو سـەروكاری لەگـەڵ ئـەو كچانـەدا بـووە كـە شـەوانە لەمەیخانـە و تیاترۆخانـەو سەرشـەقامەكاندا كاریـان كـردووە، بـەڵام هـەر لـەو قۆناغەشـدا بەخەسـتی خەریكـی خوێندنـەوە و خواردنـەوە بـووە.

لـەو قۆناغـەی تەمەنیـدا هاوڕێیەتـی و دۆسـتایەتی لەپەیوەنـدی بەژنانـەوە شـوێنی سـێكس دەگرنـەوە، وەك ئـەوەی نەتوانێـت پەیوەندیەكـی پڕاوپـڕ لەگـەڵ رەگەزەكـەی دیـدا دروسـت بـكات. هـاوكات لـەو قۆناغەشـدا وادیـارە، لـەڕادەی ئـەو زوڵـم و سـتەمە حاڵـی بووبێـت كـە دەرهـەق بەمـرۆڤ دەكرێـت. بۆیـە رێگـە بەخـۆی نـادات، چیـتر ئەویـش ئـەو زوڵـم و سـتەمە لەژنـە لەشفرۆشـەكان بـكات.

محەمـەد شـوكری وەك مـرۆڤ و رۆماننوسـێك، پێگەیەكـی تایبەتـی لەسـەر نەخشـەی نوسـینی عەرەبـی هەیـەو تایبەتمەنـدی دیـاری ئەویـش بریتیـە لـە: بوێـری، بوێـری لەئاشـكراكردن و پـەردە هەڵماڵیـن لەڕووی شتەپەنهان و یاسـاغەكان و شـەرمەزاركردنیان.